# یادداشت هایی از کردستان

نێوی کتێبێکە بە زمانی فارسی و بیرەوەریەکانی شێخ رەئوفی زیایی یە کە بە تێکۆشانی رێزدار عۆمەر فارووقی چاپ و بڵاو کراوەتەوە .یادداشتی دەهە می ئەو کتێبە باسی سالارولدەولەی قاجارە کە تەرجومەی کوردیەکەی لێرە پێشکەش دەکەم.

یادداشتی دەهەم : لە جەریانی سیاسەت بازی و ئاڵ و گۆڕەکانی مە نتەقە دا لە حاڵێکدا هەژدە ساڵ لە تەمەنم تێ دەپەڕی، ساڵی 1329ی ە.ق قاسیدێک لە لایەن خاڵمەوە حەزرەتی شێخ عەلائە دین گەیشت و نامە یەکی دامێ لە پاکەتێکی گەورەدا کە وڵامێک بوو بۆ حەزرەتی والا سالارولدەولە کوڕی موزەفەرەدین شای قاجار کە ئەوکات بۆ کۆ کردنەوەی لەشکر و لایەنگرانی سەلتەنەت هاتبوە موکوریان. خاڵم دەستوری دابوو ئەو نامەیە هەڵگرم و بچمە دیدەنیی سالارولدەولە. لەو کاتەدا شازادە لە ئاوایی تیکان تە پە ی فەیزوڵڵا بەگی و لە ماڵی قۆچ خان بوو. ئەڵبەتە بە جێ هێنانی ئە مری شێخم بە واجب دەزانی . دەگەڵ چەند سوارێک بەرەو تیکان تە پە وەرێ کەوتم و لە ماڵی مەلا محە مەدی ساحێب کە مەلای ئاوایی بوو دابەزیم ونامەی شێخم دا بە نۆکەرەکانی سالارولدەولە بۆی بەرن. ئێوارێ پێشکاری سالارولدەولە هاتە دیدەنیم و کوتی سبەینێ سەعاتی 8 دەتوانم بە خزمەتی حەزرەتی والا بگەم.

لە کاتی دیاری کراودا چووم . سیاسەتی رۆژ و حوزوری شومارەیەک لە ئەعیانی مەراغە و تەوریز لەوێ ، وای ئیجاب کرد رێزێکی زۆرم بۆ دابنێ و بۆخۆی تا سەر پلیکانە کان بەرەو پیرم هات و چونکە لە ناوەرۆکی نامەکە را زانیبووی ئەمن خوشکە زای شێخ عەلائە دین ، پێشەوای نەقشبەندیم لە تەنیشت خۆی دای نیشاندم . دوایە چەند پرسیاری لێ کردم ، وڵامم داوە و کوتم ماڵم لە سەقزە ئەویش کاغەزەکەی شێخی دامێ بی خوێنمەوە . نووسرابوو مەشایخی هەورامان دەگاڵ مریدەکانیان ئامادەن لە رێگای گەیشتنی سالارولدەولە بە تاج و تە خت یاریدەی بکەن. ئەوجار کوتی ئێستا جەمعێک دێن . لە حوزوری وان دا لە سەر ئەوزاعی کوردستان پرسیارت لێ دەکەم ئەتۆش راست وا وڵام بدەوە کە لە نامەکەی شێخ دا هاتوە با ئەوانیش بزانن . دوای چەند دەقیقە رەییسی عەشایر و ئەعیان و ئەشرافی ئازەربایجان گەیشتنێ کە برای حاجی شوجاعودەولە موقەدەم مەراغە پیش یان دەگەڵ بوو. ئەو زەمان شوجاعودەولە یەکە پیاوی بە دەسەڵاتی ئازەربایجان بوو . هاتن و لە بەرابەر شازادە دا تەعزیمیان کرد و بە پێوە راوەستان . چەند پرسیارێکی لە هەرکام لەوان کرد کە زیاتر سەبارەت بە حازربوونی لەشکرەکانیان بۆ خزمەت بە سالارولدەولە بوو.

ئەوجار تێ گەیشتم کە لە رێزدانان بۆ من چەندە چۆتە پێشێ . بۆخۆی ئەمنی بەوان ناساند و لە بارەی کەسایەتی و مەقامی شێخ عەلائەدین شەرحێکی موفەسەلی دا و نامەکەی شێخی لە گیرفانی دەرهێنا و دوای ماچ کردن خوێندیەوە و هیندێک پرسیاری لە من کرد ، منیش بە گوێرەی دەستووری پێشووی خۆی وڵامم دانەوە . دوایە کوتی بە ئەمری شێخ ئەمن بەرەو هەورامان و سنە دەڕۆم دوایە دەگەڵ ئوردوەکەم بەرەو ناوەند وەرێ دەکەوم . ئێوە ئێستا مەرەخەسن فەورەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان و بە لەشکر و ئوردوی خۆتانەوە لە سنە دەگەڵ من تیکەل بنەوە ئەوانیش عەرزی ئەدەبیان ماچ کرد و بە تەعزیم کردن وەدەر کەوتن. دوایەش جوابی نامەی شێخی نووسی و دای بە من و مەرەخەسی کردم.

لە گەڕانەوە دا مەرحوومی موزەفەرولسەلتەنە حاکمی سەقز هاتە دیتنم و کوتی بۆچی خەبەری ئەو سەفەر و دیدارەم نەداوەتی. لە وڵام دا کوتم پێم لازم نە بوو چونکە جەنابت موخالیف یا موافیق بای ئەمن دەستووری شێخ دەبوو بەجێ بێنم . لەوێ هەستم بەوە کرد موزەفەرولسەلتەنە هەرچەند موخالیفی مەشرووتە یە ، پێشرەفتی کاری سالارولدەولەشی بە دڵ نیە هەر چەند دوایە تێکەڵ بە ئوردوەکەی ئەوبوو . ئەو ئوردوە تا (باغ شاە ) تاران پێشرەوی کرد و تالان و برۆیەکی زۆری لەو مەسیرەدا ئەنجام دا و لە نزیک تاران دەگەڵ هێزی دژبەر بە فەرماندەیی یە پرم خان بەرەوروو بوو و چونکە ئیختیلافی فکر و نەزەر لە بە ینی هێزی سالارولدەولە دا هەبوو ، شکستی خوارد و گەڕاوە و لە سەرڕا مە سیری گەڕانەوی خۆیان تالان کرد .

مومکینە ئەو پرسیارە بێتە پێش حەزرەتی شێخ عەلائەدین بۆ لایەنگری لە سالارولدەولە دەکرد ؟ هەرچەند ئەمن ئاگام لە نەزەری ئەو نیە ئەما وادیارە چونکە سیستمی سەلتەنەتی لە قەدیمەوە باو بوو هەروەها تەبلیغاتی زۆر دەکرا جا چ لە رووی سیاسیەوە بێ یا هەرشتێکی دیکە کە لە نێو مەشرووتە خوازاندا ئەشخاسی مولحید و موخالفی ئیسلام زۆرە ،

ئەوە بوو کە هێندێک لە رووحانیەکان لێ یان بێزار بوون و رەنگە حەزرەتی شێخ عەلائەدین لەو دەستە ئەشخاسە بووبێ هەر وەک چۆن ئەغڵە بی عولەمای ئێران وابوون.

وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی تایر عەلیار